نووسینی د . زاهیر سوران
پسپۆری نەخۆشییە درمەکان
پسپۆری پزیشکی گشتی

# مادده بێهۆشکەرەکان

بریتین لەو ماددانەی کە بە دوو شێوە دەبنە هۆی سڕکردنی لەش یان بێهۆشکردنی مرۆ:

1- مرۆ خۆی ئەو ماددانە بە نائاسایی و هەڵە بۆ حەزی خۆی بەکاردەهێنێت و پاشتر خووی پێوە دەگرێت.

2- یان لە نەخۆشخانەکاندا لە شێوەی جیاوازدا دەدرێتە مرۆ بە مەبەستی خەواندنی پێش ئەنجامدانی نەشتەرگەری ، هێمنکەرەوە یان وەك ئازارشکێن پاش نەشتەرگەری .

زۆر لە مێژە مرۆ توانییەتی چەندان گژوگیا بدۆزێتەوە وبە پێی بۆچوون و سەلیقەی ئەوسای کەم یان زۆر سوودی لێوەرگرتووە و لەمانیشەوە پەی بە هەندێك لە مادده بێهۆشکەرەکان بردووە و ناو ناو بەکاری هێناون و وەلیٚ بەو شێوەیەی ئەمرۆ نەبووە .

هەرچەندە پیشەسازی دەرمان دروستکردن زۆر سوودی لەو مادده بێهۆشکەرانە وەرگرتووەو گەلێك دەرمانی بە سوودی لیٚ دروستکراوە کە تا ئەمرۆش لە دنیادا بەکاردەهێنرێت و بگرە بە سەدان کەسی لە مردن رزگار کردووە وەلیٚ لایەنە خراپەکەی کە خووگرتنە پێوەی زۆر زەق و زەرەمەندە بە کۆمەڵ .

ئەمرۆ لە 136 وڵاتدا مادده بێهۆشکەرەکان بەکاردەهێنرێت و 93 وڵاتیان رایانگەیاندووە کە ڤایرۆسی HIV لە نێو ئەو کەسانەدا تۆمارکراوە کە ئەم ماددانە لە رێگای بەکارهێنانی دەرزی خوێنهێنەرەوە بەکاردەهێنن . هەندێك ئامار ئاماژەی پێدەکات کە لە دنیادا نزیکەی 199 ملیۆن مرۆ ئالودەی ئەم ماددانەن وەلیٚ زۆربەی زۆری ئەوانەی بەکاری دەهێنن لاون .

لە ئەنجامی پێشکەوتنی شارستانیەت و ئازادبوونی زۆربەی گەلاندا هەندێك لەو ماددانە ساویلکانە ، بە شێوەیەکی نازانستییانە بەکاردەهێنرێن کە زیانێکی گەورەی لە گەلێك وڵات و میللەت داوە و لەبەرئەوەیە بە یەکێك لە نەخۆشییە (خووگرەکان) دانراوە

میللەتی کوردیش وەك میللەتانی دی کەم یان زۆر ئەم ماددانەی تیادابڵاوبۆتەوە وەلیٚ لەم چەند مانگانەی دوواییدا دیاردەی بڵاوبونەوەکە زۆر زیادی ( لە رانیە لە قوتابخانەی سەرەتاییدا **بینراوە** *) کردووەو بوەتە وێردی سەر زمانی هەمووان لەبەرئەوەی چەندان لاوی کورد ئالودەی ئەو ماددانە بوون وەلیٚ خراپترین و ترسناکتریان ئەو جۆرانەیانە کە لە شێوەی دەرزیدا دەدرێت لە خوێنهێنەری مرۆ . لەبەرئەوەی ئەو جۆرانە لە خوێنهێنەرەوە دەتوانن ڤایرۆسی هەندێك نەخۆشی وەك زەردوویی و ئەیدز کە چارەسەرکردنیان زۆر ئاستەمە بگوێزنەوە ...تاد . هەرچەندە ئەز نامەوێت بچمە نێو قوڵایی باسەکەوە وەلیٚ دەمەوێت زانستییانە ئاماژە بە چەند لایەنێك و جۆرەکانی مادده بێهۆشکەرەکان بکەم بۆ ئەوەی هەمووان کەمێك زانیاری یان لەمەڕ ئەم ماددانە هەبێت لەبەرئەوەی هەموو ماددەکان لەشی مرۆ دەهەژێنن و هەندێك درۆزنە هەستی پیٚ ڕەوا دەبینن .

## هۆی بڵاوبونەوەی ماددەکان

1- سیاسسەتی داگیرکەرانی کوردستان و قاچاخچییەکان دوو هۆی گرنگن بۆ تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی نەخۆش و مشەخۆرمان هەبێت و نەتوانین خۆمان بەڕێوەبەرین و هەمیشە دەست لەوان پان بکەینەوە .

2- کەمی یان نەبوونی پۆلیس و کارمەندی گومرگی پسپۆر لە بواری مادده بێهۆشکەرەکاندا .

3- کەمتەرخەمی یان بایەخ نەدان بە کۆنترۆڵکردنی سنورەکان دا ، کەمی یان نەبوونی سەگ ی تایبەتمەندی راهێنراو بۆ دۆزینەوەی مادده بێهۆشەکان .

4- ساویلکەی و بێکاری لاوانی ئەمڕۆی کوردستان کە بە ئاسانی هەڵدەخەڵەتێنرێن و زۆر بە نازانستییانە لە ئازادی و دیموکراتی ئەمڕۆی کوردستان تێگەیشتوون ، ئەوان وادەزانن بازاری ئازاد و دیموکراتی مانای بەڕەڵاییە !!

5- نەبوونی سەنتەری بەدواداچوون یان چارەسەرکردنی ئەو کەسانەی خوویان داوەتە مادده بێهۆشکەرەکان .

ئەوەی راستی بێت لە هەموو دنیادا کەم یان زۆر دیاردەی خووگرتن بە مادده بێهۆشکەرەکانەوە هەیە . بۆ ئەوەی بتوانرێت سنورێك بۆ ئەم ماددانە دابنرێت لە هەندێك وڵاتدا وەك (هۆڵەندە) هەندێك لە ماددانە یاساییە و لە هەندێکی دی دا قەدەغەیە .

## مەترسییەکان

1- کاردەکاتە سەر ئابووری تاك و حکومەت، لەبەر ئەوەی کلینیکی پسپۆڕی چارەسەرکردنی مادده بێهۆشکەرەکان یان خووگرتووەکانیش (ئەلکهۆل) نییە .

2- بڵاوبونەوەیی و بەکارهێنانی دەبێتە هۆی پەروەردەکردنی نەوەیەکی نەخۆش و سەقەت .

3- زێدبوون و بڵاوبوونەوەی ماددەکان مەترسی گواستنەوە و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە ڤایرۆسییەکان زێدەتر دەکات .

4- گەر پسپۆر لەم بوارەدا ئامادەنەکرێت ئەوا لە ماوەیەکی نادیاردا دەبێتە هۆی گێروگرفتی کۆمەڵایەتی گەورەو تەنانەت پزیشکیش .

## جۆرەکانی ماددەکان

### 1- Cannabis ئەمیش دوو جۆرە :

a- تلیاك (Tetra Hydro Cannabinol) THC

رەنگی جیاوازی هەیە ، قاوەیی ، زەردێکی تاریك ، دەتوانرێت بە هۆی سەبیلێکی تایبەتییەوە بکێشرێت یان بکرێتە نێو جگەرەوە . گەر بکێشرێت بۆنێکی تایبەتی هەیە ، بە رێژەی لە 26٪ ماددەی THC ی تیادایە و نزیکەی چەند هەفتەیەك لە نێو خانە چەورییەکانی لەشدا دەمێنێتەوە . کاریگەری لە سەر کۆئەندامی ناوەندی دەمار هەیە ، کار دەکاتە سەر کەسایەتی مرۆ. دەبێتە هۆی زیان و گێروگرفتی کۆمەڵایەتی ، تەندروستی و دەروونی بۆ ئەو کەسە و خێزانەکەی .

* لە ساڵی 1930 ە وە وەك ماددەیەکی بێهۆشکەر جوداکراوەتەوە .



کانابیس

b – مەریوانە

یەکێکە لەو مادده بێهۆشکەرانەی لە دێر زەمانەوە ناسراوە و لە سەدەی 19 هەمدا پزیشکی تایبەتی شاژنی ئینگلیستان ڤیکتۆریا مەریوانەی وەك ئازارشکێن لە خولی مانگانەی دا بەکارهێناوە ، وەلێ ئەمڕۆ لە نێوان لاوە سویدیەکاندا زۆر بڵاوە. وەك سەوزەی هیشککراوی سەوزێکی زەردباوی قاوەیی دەردەکەوێت . بە رێژەی 1-12٪ ماددەی THC تیادایە و لەوانەشە بگاتە لە 20٪ ئەو کاتە پێی دەڵێن (Thai sticks) زێدەتر بە زاراوە عارەبییەکەی بە حەشیشە ناسراوە . لە ساڵی 1975 ەوە زێدەتر لە 300 توێژینەوەی زانستی لە مەڕ مەریوانە کراوە . لە بواری پزیشکیدا سوودی باشی لێوەرگیراوە وەك ئازارشکێنی شێرپەنجەدار و ئەیدزدار .

هاوکات دەدرێت بەو نەخۆشانەی کە (Epilepsy, Bipolardisorder) و تەنانەت سەرانسێ (Migraine) یان هەیە .

2- ئەمفێتامین ( Fenametrazin, metamfetamin)

ماددەیەکی بێهۆشکەرە و کیمیایی لە ئەدرینالین دەچێت و هەژێنەرێکی کۆئەندامی ناوەندی دەمارە لە 10-30٪ ئەمفێتامین سولفاتی تێدایە . لەبەرئەم هۆیەیە کە هەندێك پزیشك دەیانەوێت بە رەچەتە وەك دەرمان بۆ هەندێك کەسی بنووسن کە خوویان پێوە گرتووە بۆ ئەوەی رێگە لە زێدبەکارهێنانی بگیرێت . وەك دەرمان لە شێوەی ADHD/DAMP لە نەخۆشخانەکاندا بەکاردەهێنرێت .

دەتوانرێت لە دەمەوە وەربگیرێت (پاش 15–30 خولەك هەست بە كاریگەرییەكەی دەكرێت ، گەر لە لووتەوە هەڵبمژرێت لە ماوەی 5–10 خولەكدا هەستی پێدەكرێت ، وەلێ گەر لە رێگای دەرزییەوە بدرێت لە خوێنهێنەر ئەوا راستەوخۆ هەستی پێدەكرێت و ماوەی 3–4 كاژێر دەخایەنێت .

### 3– كۆكاین (Koks, Vip puder)

لە شێوەی بۆدرەی سپی كریستاڵیدایە ، زۆر خاوێنە و دەتوانرێت بە هۆی كونە لووتەكانەوە هەڵبمژرێت ، بخورێت ، بە دەرزی لە خوێنهێنەرەوە بكرێتە نێو خوێنەوە یان بكرێتە سەر ناوپۆشەكان .



كۆكاین

هەردوو كۆكاین و ئەمفێتامین درۆزنە هەستێكی خەمباری ، بریندارى بە مرۆ دەدەن ، لە سەرەتادا مرۆ زۆر زوو بێهۆش دەبێت . ئەو كەسانەی كە كۆكاین بەكاردەهێنن زۆرجاران خۆراك و خەو لە دەست دەدەن ، تینوویانە پاش ماوەیەك لەڕولاواز دەبن ، كەمخۆری و بێخەوی ، پیسوپۆخڵ و كەمتەرخەمی دەبێتە هۆی بە ئاسانی تووشبوونیان بە نەخۆشی . هەندێك جار روویداوە مرۆ بە هۆی پەلە و نەشارەزایی بەكارهێنانی دەرزییەوە خوێنهێنەرێكی خۆی كون كردوە و پاشتر مردووە . هەندێك مرۆ تووشی (گیروگرفتی دەروونی وەك گوێیان لە دەنگ بوو ، هەست دەكەن مێروو لە ژێر پێستدا) دەبن.

### 4– هێرۆین

ماددەیەكی بۆری–سپی یە لە Opium دەردەهێنرێت ، لە شێوەی دەرزی خوێنهێنەر و كێشاندا ئامادەكراوە . لە ساڵی 1874، R.A. Wrigh لە نەخۆشخانەی St.Mary لە لەندەن دۆزییەوە .

لە ساڵی 1898 دا كۆمپانیای Bayar ئەڵمانی توانیان هێرۆینێكی دەستكرد بەرهەم بهێنن .



هێرۆین

ئەو هێرۆینەی ئەمڕۆ لە نێوان پەنگكێشەكاندا بەكاردەهێنرێت هەندێكیان دەستكردە و هەندێكیشیان سروشتییە لە هەندێ وڵاتدا بۆتە گیروگرفتێكی گەورەی كۆمەڵایەتی ، ئابووری و تەندروستی كە كۆنترۆڵكردنی ئاستەمە!!

### 5– Kat (KHAT)

ماددەیەكە دەبێتە هۆی هەژاندنی كۆئەندامی ناوەندی دەمار ، لە ساڵی 1989 ە وە لە سوێد وەك ماددەیەكی بێهۆشكەر جوداكراوەتەوە . ئەم ماددەیە لە زۆر روەوە لە ئەمفێتامین دەچێت . لە هەندێك وڵاتدا (هۆڵەندەو ئینگلیستان) وەك ماددەی بێهۆشكەر مامەڵەی لە گەڵدا ناكرێت .



Kat

پێش چەندان ساڵ لەمەوبەر شێوەی (Catha) ی سەوزەکە وەك بنێشت جووردراوە و دەبێتە هەژاندنی قسەکردن ، بەهێزکردنی بیر و کاری ماسوولکە کەمدەکاتەوە .

6– Ecstasy

یەکێکە لە مادده بێهۆشکەرە هەژێنەرەکان لە ساڵی 1914 (MDAM) ئامادەکراوە وەلیٚ لە ساڵیٚ 1970 دا بەکارهێنراوە ، زۆر جاران لە شێوەی حەبدا (سپی ، ڕەنگاوڕەنگ و شێوەی جیاوازی وەك سێو ، دەنکە ترێ دا دەبینرێت (حەبەکە قووت دەدرێت) . ماوەیەك پزیشکە دەروونییەکانی ئەمێریکا بەکاریان دەهێنا وەلیٚ پاشتر لە نێو پەنگکێشەکاندا بڵاوبۆوە .

ئەوەی جێگای مەترسییە مرۆ نازانێت ناوەرۆکی حەبەکە لە چی پێکهاتووە . هەندێك توێژەر دەبێژن کە حەبەکە زێدەتر دەبێتە هۆی خووپێوەگرتنی دەروونی . ئەم ماددەیە دەبێتە هۆی زێدبوونی توانای لاوان و دەتوانن کاژێرێك زێدەتر سەما بکەن ، لەبەر ئەوە لە ساڵی 1996 دا لە ئینگلستان نزیکەی 50 لاو بەم حەبانە مردن هۆی مردنیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ماددەیە دەبێتە هۆی برینداربوونی مێشك . لە ساڵی 1999 دا کچێکی سوێدی ژێر 20 ساڵان بە هەمان حەبە مرد . لە سەرەتای ساڵی 2006 دا بلاویانکردەوە کە نەخۆشێکی لەندەنی لە ماوەی 9 ساڵی ڕابردوودا نزیکەی 40 هەزار حەبی لەم ماددەیە خواردووە و دەرئەنجام تووشی گیروگرفتی دەروونی و بیر بووە !!

7–LSD (lysergsyredietylaid)

یەکێکە لەو مادده بێهۆشکەرانەی زۆر بەهێزە ، ساڵی 1938 لە لایەن Albert Hofmann ەوە دۆزرایەوە ، وەك بۆدرەی سپی وایە ، بیٚ بۆنە و ئاسایی لە دەمەوە وەردەگیردرێت و نزیکەی 8–10 کاژێر کاریگەری هەیە ، تاکە ماددەیەکە تا ئەمرۆ بە مەبەستی چارەسەرکردنی دەروونی لە بەلچیکا بەکاردەهێنرێت .

8–GHB (Gammahydroxybutyrat)

ئەوەی شایانی باسە سروشتی ئەم ماددەیە لە نێو لەشدا هەیە وەلیٚ لە ساڵی 1960 دا توانرا بەمەبەستی سڕکردنی پێش نەشتەرگەری و خەواندنی نەخۆش ئامادەبکرێت ، وەلیٚ پاشتر دەرمانی دی شوێنیان گرتەوە .

لە ئەمێریکادا لە هەندێك دوکاندا دەفرۆشرا بۆ نزمکردنەوەی کێش و جوانی ماسولکەکانی لەش . لە ساڵانی 1990 ئەم ماددەیە لە ئەمێریکاوە گەیەنرایە ئەوروپا و ژمارەیەکی زۆر لە لاوان دەستیان بە بەکارهێنانی کرد .



بۆدرە سپییەکە لە گەڵ ئاودا تێکەڵ دەکرێت و دەبێتە گیراوەیەکی سپی و پاشتر دەخورێتەوە . نیشانە لاوەکیەکانی بریتین لە هێڵنجدان ، گێژبوون ، لە هۆشخۆچوون . ژمارەیەکی زۆری لاوی سوێدی کە بەکاریان هێناوە بە پەلە گەیەنراونەتە نەخۆشخانە .

9– دەرمان

ئەوەی شایانی باسە ژمارەیەکی زۆر لە دەرمان کە وەك هێمنکەرەوە ، خەوبەرەوەکان یان ئازارشکێن کاردەکەن لە بازاردا یان لە ئینتەرنێتدا دەفرۆشرێت وەك Rohypnol , Valium ,(subutex (buprenorfin . ژمارەیەکی زۆر لە لاوان و بگرە پیرەکانیش فێری بەکارهێنانی ئەم دەرمانانەو چەندان دەرمانی دی بوون لەبەر ئەوەی هەستێکی تایبەتی بە مرۆ دەدات . هەرچەندە لە هەندێك وڵاتدا ئەم گرووپە دەرمانە بە ڕەچەتەی تایبەتی دەفرۆشرێت بە مەبەستی چارەسەرکردن بۆ ئەوەی کاریگەری خووگرتن کەم بکاتەوە لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك کەس لە ڕادە بەدەر بەکاری دەهێنن و ئەوسا کاریگەری بێهۆشکەریان لە سەر دەردەکەوێت . ئەم جۆرە ی مادده بێهۆشکەرەکان بە ئاسانی تر دەست دەکەوێت وەك لەوەکانی دی ، لەم ساڵانەی دوواییدا تەنانەت هەندێك پزیشك خۆیان خوویان پێوەگرتووە و ڕەچەتەیان بۆ خۆیانیان نووسیوە و بەکاریان هێناوە !!



دەرمان

Dopin=Anabola −10

بریتیین لەو ماددە دروستکراوانەی بە مەبەستی جوانکردنی لەش ولار و هێزوتوانای مرۆ لە شێوەی حەب ، کەپسول و دەرزی دا دروستکراون . زۆرجاران وەرزشوانە ناودارەکانی دنیا بەکاری دەهێنن یەکێك لەوانە بریتییە لە GHB .

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەو راستییە بخەمە بەرچاوی و هەمووان کە ماددە بێهۆشکەرەکان هیچ سوودێك بە لەش و تەندروستی مرۆ ناگەیەنن تەنیا زیان نەبێت جگە لەو بارانەی کە لە نێو نەخۆشخانەدا دکتۆر بە مەبەستی جیاجیای پزیشکی بەکاری دەهێنێت . گەر بێتو سنورێکی یاساییانەی بۆ دانەنرێت لەوانەیە ببێتە گیروگرفتێکی فرە لایەنیی لە کوردستاندا کە ئەو کەلێنە گەورەیەی لایەنی تەندروستی فراوان تر ببێت و دواتریش کۆنترۆڵ نەکرێت !!

* رۆژنامەی ئاراستە ، ل 1 ، ژ 3 ی بەرواری 26ی مانگی 11ی 2005 .

**سەرچاوەکان**


1.www.drugsnews.nu © 060205
2.www.grup2sv.ro © 050918
3.www.dagensmedicin.se © 060620
4.Läkemedelsboken, 2005/2006 SWEDEN.